# بنیادگەریی جەستەی ئەکتەر لە نمایشدا

د. فازڵ جاف
( سوێد )

بیومیکانیـک وەک ڕێبازێکـی شـانۆیی، لـە هەمـان کاتـدا لەگـەڵ ڕێبازێکـی دیکە لە هونـەری شـێوەکاریدا کە پێـی دەگوترێ ڕەوتـی بنیادگـەری (Constructivis) لە سـەرەتای سـەدەی بیستەمدا سـەری هەڵـدا. مییرهولـد لـە یەکـەم دەرکەوتنـی بنیادگـەری لـە بـواری هونەرەکانـی شـێوەکاریدا، لە تەکنیکەکانی هونـەری ئەکتـەردا بـەکاری هێنـا، بۆیـە ناتوانیـن بـاس لـە تەلارسـازیی نمایـش و پێگـەی جەسـتەی ئەکتـەر و فۆرمەکانـی پلاستیکا بکەیـن، بەبێ ئـەوەی بـاس لـە پێوەندیـی پتـەوی نێـوان بیومیکانیـک و بنیادگـەری شـانۆیی بکەیـن.

مییرهولدناسـی گـەورەی ڕووسـیا پرۆفیسـۆر گالینـا ڤلادیمیرۆڤنـا تیتۆڤا ڕێبـازی مییرهولـد بـە ڕێبازێکـی بنیادگـەر هەژمـار دەکا، بیومیکانیکیـش لـە هونـەری ئەکتـەردا بـە میتودێکـی بونیادگەرایـی هونـەری ئەکتـەر لـە قەڵـەم دەدا.

پێوەندیـی بەهێـزی نێـوان بیومیکانیک (سـەبارەت بـە پلاستیکای جەسـتە و جووڵـەی ئەکتـەر) لەگـەڵ سـینۆگرافیای بنیادگەرانـە (فـەزا و سـینۆگرافیا) وا دەکات کـە نەتوانیـن بەبـێ چەمکـی بنیادگـەری بـاس لـە بیومیکانیـک بکەیـن.

ئاشـکرایە کـە هونـەری بنیادگـەری لـە ئەنجامـی گەشـەی کوبیـزم (Cubism)ـەوە هاتـە کایـەوە، پاشـان زۆر بـە خێرایـی و لـە ماوەیەکـی کورتـدا پـەرەی سـەند و بـە شـێوەیەکی بەرچاو، لـە فـۆرم و پێکهاتـە زەبەللاحەکانـی پەیکەرسـازیدا دەرکـەوت کـە لـە دوای سـەرهەڵدانی شـۆڕشـی ئۆکتۆبـەر لـە سـاڵی ١٩١٧ لـە گۆڕەپـان و شـەقامەکاندا بڵاوبوونەتـەوە، ئـەم هونـەرە لـە نیگارکێشـیدا پێـی دەگوتـرێ (Suprematism).

ئەگـەر دان بـەو ڕاسـتییەدا بنێیـن کـە کوبیـزم لەسـەر پانتایـی پـەڕۆ (قومـاش) و خامـەوە سـەری هەڵـدا، ئـەوە دەکـرێ بڵێیـن بنیادگـەری سـنووری خـام و قوماشـی بـۆ شـێوە و پێکهاتـە زەبەللاحەکانـی پەیکەرسـازی تێپەڕانـد، پاشـان وەک ڕەگەزێکـی گرنـگ لـە هونـەری نمایشـی شـانۆییدا، لەسـەر دەسـتی مییرهولـد چـووە نـاو جیهانـی شـانۆوە، پـاش مییرهولـد، ڕیژیسـۆرانی وەک تایـرۆڤ و کەسـانی تـر هەمـان ڕێچکەیـان گرتـە بـەر.

مییرهولـد گرنگـی و ڕۆڵـی بنیادگـەری لـە نماشـدا بـەم شـێوەیە ڕوون دەکاتـەوە: لـە شـانۆدا دەکرێـت واز لـە دەرهێنـەر و دیکۆراتـۆر و نووسـەر

بهێنرێت، بەڵام دوو توخمی گرنگ هەن: ئەکتەر و بینەر. پاش نزیکەی هەشتا ساڵ پیتەر بروک لە کتێبە بەهادارەکەیدا (پانتایی بەتاڵ) لەم ڕاستییە قووڵ دەبێتەوە، ئەویش ئەو ڕاستییە دووپات دەکاتەوە کە ئەم دوو ڕەگەزەی جەمسەری شانۆ، نمایش و دراما پێک دێنن.

بۆیە هەر شتێک کە لە سەر ستەیج دابنرێ، دەبێ یارمەتی ئەکتەر بدا و لە خزمەتی هونەرەکەیدا بێ، واتە لە خزمەتی پلاستیکا (جەستە و جووڵە و ئاماژەکان)ی ئەکتەردا بێ. بەدەر لەو ئەرکە، هەموو شتێک لەسەر شانۆ خۆی وەک جەستەیەکی مردوو دەنوێنێ، چونکە ئەو کەسەی ژیان و بەردەوامی بە نمایشەکە دەبەخشێ ئەکتەر و هونەرەکەیەتی. بەشبەحاڵی دەرهێنەریش، وەک میرهولد دەڵێ: دەبێ هونەرمەندێکی نیگارکێش بێ، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە ڕیژیسۆر پێویستە توانایی و کارامەیی نیگارکێشی هەبێ، نەخێر، مەبەستی میرهولد ئەوەیە کە دەرهێنەر دەبێ توانایی ئەوەی هەبێ نەخشەی دیمەنە شانۆییەکە بکێشێ. بۆ ئەمەش دەبێ بەهرە و کارامەیی پلاستیکای هەبێ، بە ئەندازەیەک کە لە جەستەی ئەکتەرەکان، چ لە شێوەی تاک، چ لە شێوەی گرووپ (میزانسینەکان)دا تابلۆی هونەری دروست بکا، بۆ بەجێ گەیاندنی ئەم ئەرکە، دەرهێنەر دەبێ وا لە ئەکتەر بکا کە لە سەر شانۆدا دیار و بینراو بێ، کە ئەمە بەبێ تێگەیشتنی تەواو لە پلاستیکا نایەتە بەرجەستەکردن.

بەڵام ئایا میرهولد خۆی نیگارکێش بوو؟ نەخێر. میرهولد، بەپێی قسەی سینۆگرافەر F.A شتاینبێرگ، لە وێنەکێشاندا خراپ بوو، توانایی وێنەکێشانەکانیشی نەدەگەیشتە ئاستی توانایی منداڵان، ئەو نەیدەتوانی بە قەڵەم و بە فڵچە، تەنانەت وێنەیەک بکێشێت، بەڵام بە گوتەی گالینا تیتۆڤا «دیمەنەکەی بە جەستەی ئەکتەرەکان دەکێشا».

جیاوازیی میرهولد لە ڕیژیسۆرانی هاوتەمەنیدا لەوەدا بوو کە ئەو کاتێک دیمەنی شانۆیی بە شێوازێکی بنیادگەرانە دەکێشا، نەخشەی دیمەنی سینۆگرافی بە دابڕان لە هاوئاهەنگی جەستەی ئەکتەرەکان (میزانسین) و جووڵەکانیان و شێوازی نواندنیان بە خەیاڵدا نەدەهات. ئەو، وەک خۆی دەڵێ، جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە «ئەگەر نواندن میلۆدییە، ئەوە میس-ئەن-سین لەم حاڵەتەدا هارمۆنیایە.

میرهولد لە دیزاینکردنی دیمەنەکانی نمایشەکانیدا لە نزیکەوە پێوەندی بە دیزاینەرانی سینۆگرافیاوە هەبووە، بەردەوامیش هزر و پێشنیازی کاریگەر و بەسوودی پێشکەش دەکردن، ئەمە بێجگە لەوەی کە خۆی دیزاینی سینۆگرافیای ژمارەیەک لە نمایشەکانی خۆی کردووە، لەوانە (ژیانی مرۆڤێک)ی (لیۆنید ئەندرێیڤ) و (پشکنەر)ی گۆگۆل.

لە ڕوانگەی پراکتیکییەوە، بنیادگەری چەندان سوودی دینامیکی بە ئەکتەری بیومیکانیکی گەیاندووە و لە نمایشەکانی میرهولددا ڕاستەخۆ خزمەتی بە جووڵەی ئەکتەر کردووە و ئەوەی سەلماند کە « جووڵە، بە بڕوای میرهولد، گرنگترین ئامرازی دەربڕینە لەسەر شانۆ و لە نمایشدا، تەنانەت ئەگەر ئەکتەر لە وشە و جلوبەرگ و ڕووناکی و کالوس و هۆڵ بێبەش بکەین، ئەکتەر تەنیا بە لێهاتوویی خۆی لە جووڵەدا نمایش بکا، شانۆ هەر وەک شانۆ دەمێنێتەوە».

بنیادگەری شانۆیی تەنیا بە بوونی ئەکتەر و جەستەی کارای ئەکتەر و جووڵەکانییەوە بەرجەستە دەبێت، واتە نەک بە بەکارهێنانی کاریگەرییە شانۆییەکان، بەڵکوو ئەم ئەرکە تەنیا بە ئەکتەر بەرجەستە دەبێ.

با بۆ نموونە دیزاینی پۆپۆڤا بۆ شانۆنامەی

«میهرەبانی قۆچدار» لە ساڵی ١٩٢٢ وەربگرین، کە تێیدا، بۆ یەکەم جار، بنیادگەرایی و بیومیکانیک بە شێوەی کردەیی هاوئاهەنگ کرابوون.

دیزاین و نەخشەکەی پۆپۆڤا Lyubov Popova چی بەرجەستە دەکرد؟ چ پەیامێکی دەگەیاند؟ دیزاینەکە پێکهاتەیەکی ئاڵۆز بوو، بەڵام پەیام و مەبەستی سەرجەم ڕووداو و دیمەکانی شانۆنامەکەی بەجێ دەگەیاند، کە دەڵێم پێکهاتەکە پێکهاتەیەکی ئاڵۆز بوو، مەبەستم ئەوەیە کە دیمەنەکانی بەردەوام لە جووڵەدا بوون، نمایشەکە دیمەن دوای دیمەن دەگۆڕا. لە ڕووی قەوارەشەوە، سینۆگرافیاکە لە پلاتفۆرم و پلیکانە و چەند چەرخێک پێک هاتبوو کە بەردەوام لە هەوادا دەسووڕانەوە. هەموو ئەم بەشانەش پێش دەرکەوتنی ئەکتەر و بەکارهێنانیان لەسەر شانۆدا، واتایەکی تایبەتی، یان مانا و ئەرکێکی دیاریکراویان نەدەگەیاند، تەنیا ئەو کاتە مانا و واتای جۆراوجۆریان دەبەخشی، کاتێک ئەکتەر بەکاری دەهێنان. بۆ نموونە «کاتێک خانمە ئەکتەر ماریا بابانۆڤا لە ناو بازنەییەکەدا نواندنی دەکرد، بینەر لەوە دەگەیشت کە ئەو ئەو دیمەنە ئاشە و کردارەکە لەوێدا ڕوودەدات، تەنانەت کات و زەمانی دیمەنەکە لە ڕێگەی نواندنی ئەکتەرەکەوە بۆ بینەر ڕوون بوو.

ئەگەر وای دابنێین ئەو خانمە ئەکتەرە بە هەڵە ڕۆڵی خۆی دەگێڕا، ئەمە ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی شکستی سینۆگرافەر بە پێگەیاندنی کارە هونەرییەکەیدا، بەو شێوەیە سینۆگرافیا دەبێت بە ئامرازێکی شانۆیی کاریگەر و زیندوو و بەسوود لە خزمەتکردنی دیمەنەکەدا، ئەمەش تەنیا لە ڕێگەی نمایشی دروستی ئەکتەرەوە دێتە دی.

بە واتایەکی تر، واتا و ماناکان وابەستەن بە جووڵەی ئەکتەرەوە (ئاماژە، پێگەی جەستە، بێدەنگی)، چونکە وشەکان، وەک ئەوەی میرهولد دەڵێ: ناتوانن هەموو شتێک دەرببڕن، سینۆگرافیاش، بە تەنیا و بەبێ هونەری ئەکتەر، ناتوانێ ڕۆڵی خۆی بگێڕێ. پێویستە دیزانەکەی خزمەت بە نواندنی ئەکتەر بکات، نەک تەنیا فۆرمێک بێ بە مەبەستی خولقاندنی جوانییەکی ڕووت (abstract) هەبێ.

بەمەش ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە بنیادگەری شانۆیی ڕەوتێکە گرنگیی جەستە و جووڵەی ئەکتەر لە چالاککردنی ئەرکی تەلارسازی دیمەنی شانۆدا بە پێویست دەزانێت کە تەنیا بە نمایشی ئەکتەر جێگیر دەبێ «کاتێک سەیری پردێک دەکەیت، وەک ئەوە وایە ببی بە شایەتحاڵی کاریگەرییەکانی بازدان لەم سەرەوە بۆ ئەو سەری پردەکە، ئەمەش بە مانای پرۆسەیەکی دینامیک دێ، نەک بە مانای شتێکی چەقبەستوو (static).

میرهولد لە ماوەی ژیانی هونەریدا، بەتایبەتی لە قۆناغی دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەردا، جەختی لەوە کردەوە کە جووڵە تەنیا لە جەستەی ئەکتەردا سنووردار ناکرێ، بەڵکوو «وشە و هەست، لە بەرانبەردا، جووڵەیشە. ئەکتەر بە بۆچوونی میرهولد، دەبێ گوێی لە خۆی بێ.

پاشتر، جەختی لەوە کردەوە کە «ئەکتەر پێویستە خۆی لەسەر شانۆ ببینێ، هێڵەکانی جەستەی ببینێ، لە ئەندێشەی خۆیدا جەستەی خۆی وێنا بکا.»

لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بنیادگەری شانۆیی جەستە و جووڵەکانی ئەکتەر لە پلەی یەکەمدا دادەنێ و بە گرنگترین ڕەگەزەکانی نمایشی دەزانێ. میرهولد بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٢٢، لە نمایشی (میهرەبانیی قۆچدار)دا ئەم ڕاستییەی ڕاگەیاند کە «هونەری بنیادگەری ئەکتەری ناچار کرد، هەم ئەکتەر و هەم

تەلارساز بێ.

ئەگەر بنیادگەری وەک پێکهاتەیەکی تەلارسازی و ئامرازێکی سوودبەخش نەبوایە کە خزمەت بە جەستە و نمایشی ئەکتەر دەکات، بیومیکانیک وەک میتودێک لەم فۆرمەی ئێستایدا گەڵاڵە نەدەبوو. توێژەری ئەمریکایی کامیلا گرای Grey Camilla لە کتێبی- ئەزموونی گەورە لە ڕووسیا - ( The Great Experiment, Russian Art)دا، بەوردی پەیوەندیی ئۆرگانیکی نێوان بنیادگەری و بیومیکانیک دەخاتە ڕوو: «سیستمی بیومیکانیکی مییرهولد ئامانجی زاڵبوونە بەسەر جووڵە بێ کەڵکەکاندا»، لەمەشدا مییرهولد لە ڕووی تیۆرییەوە، سوودی لە تیۆری تایلۆریزم Taylorism وەرگرتووە.

ئەگەر بۆ قۆناغی پێش شۆڕشی ئوکتۆبەر بگەڕێینەوە، بە مەبەستی شوێن پێ هەڵگرتنی مێژووی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی بیومیکانیک، بۆمان دەردەکەوێ کە مییرهولد، لە ساڵی ١٩٠٥دا، کاتێک کە یەکەمین ستۆدیۆی ئەکتەری لە مێژووی شانۆی ڕووسی بەڕێوە برد، زۆر بە چڕی کاری لەسەر پێگەی ئەکتەر، وەک داهێنەری سەرەکی لە نمایشی شانۆدا کردووە.

لە چوارچێوەی کاری دەرهێنانیدا، مییرهولد لە هەموو نمایشاکانیدا بە جەختەوە داوای لە ئەکتەر دەکرد کە بەتەواوەتی لە پێکهاتەکانی سینۆگرافیاکە تێ بگەن و بزانن چۆن باری ڕیتمی گونجاو و هاوئاهەنگی لەگەڵ پانتاییدا بخوڵقێنن: تەنیا لەو حاڵەتەدا ئەکتەر دەتوانێ توانایی خۆی بسەلمێنێ و دەنگی خۆی بگەیەنێ.

هەر لەو قۆناغەشدا گەیشتە ئەو باوەڕەی کە بۆ ئەوەی شانۆیەکی نوێ دروست بکرێ، پێویستە قوتابخانەیەکی نوێی ڕاهێنان و نمایشکردن دابمەزرێ،

ئەمە گرنگترین وانە بوو کە مییرهولد لە کاتی مەشقەکانی (ستۆدیۆی ناپۆڤۆرسکۆی) لە ساڵی ١٩٠٥ دا فێری بوو.

## شانۆیەکی نوێ بەبێ قوتابخانەیەکی نوێی هونەری نواندن، ئەنجامی نابێ

هەر لە سەرەتاوە مییرهولد درکی بە گرنگی و پێویستی دامەزراندنی قوتابخانەیەکی نوێی لە هونەری نواندندا دەکرد و بەردەوامیش کاری بۆ دەکرد، هاوکات خواستی ئەوەی هەبوو کە خاوەنی شانۆ و لابورێکی تایبەت بە خۆی و ئەکتەرانی بێ، بەڵام ئەم خواستەی تەنیا پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر هاتە دی.

دیارە مییرهولد لە کاتی کارکردنیدا، وەک دەرهێنەر لە شانۆی ئەلێکساندرینسکی، ستۆدیۆی برۆدینسکی ڕێک خستووە، ئەمەش بە ئامانجی لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوەی بنەماکانی قوتابخانەیەکی نوێی تەکنیکی ئەکتەر. لەم ستۆدیۆیەدا بەوردی لە چەمک و تەکنیک و دابونەریتی شانۆیی کۆن :Commedia dell›arte، شانۆی یۆنانی، شانۆی ئەلیزابێسی، ستایلەکانی شانۆی ئاسیایی، بە تایبەتی شانۆی ژاپۆنی و چینی، قووڵ بووەتەوە، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم هەوڵانە، هێشتا خاوەنی قوتابخانەیەکی تایبەت بە خۆی نەبوو، یان شانۆیەکی تایبەت بە خۆی پێک نەهێنابوو، بۆیە زۆر مەحاڵ بوو بتوانێ پێش شۆڕش میتودۆلۆژیایەکی پتەو و گشتگیر سەبارەت بە هونەری نواندن و دەرهێنانی شانۆیی دابڕێژێ.

سەرەڕای ئەوەش، گومانی تێدا نییە کە ژمارەیەک لە بنەماکانی بیومیکانیک، پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر، لەلای مییرهولد گەڵاڵە بووبوون، بە تایبەتی لە ساڵانی بەڕێوەبردنی لابوارەکانیدا، واتە لە ستۆدیۆی (ناپڤۆرسکۆ) و (ناپرۆدۆنسکۆ). ئەم قۆناغە بۆ مییرهولد و هاوکارانی، قۆناغی توێژینەوە و سۆراخ و

پشـکنینی بەردەوامـە. خـۆ ئەگـەر قۆناغـی دوای شـۆڕش بـە قۆناغێکـی زێڕیـن هەژمـار کرابـێ، دەکـرێ قۆناغـی پێـش شـۆڕش، بـە قۆناغێکـی زیویـن هەژمـار بکـرێ.

یەکـەم نووسـینی تیـۆری مییرهولـد سـەبارەت بـە شانۆ بەگشتی، هونـەری ئەکتـەر بەتایبەتـی، لـە وتـارە بەناوبانگەکەیـدا «پێشـەکییەک بـۆ تەکنیکـی شـانۆ» لـە سـاڵی ١٩٠٧دا دەرکـەوت. لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا، بـۆ یەکـەم جـار باسـی لـە چەمکەکانـی شـانۆواندن التمسـرح- theatricalty (مەرجـداری، شـێوازگەرایی Styalazation و هێماگەرایـی Cymbolism) کـردووە.

لــە دیدگــەی مییرهولــدەوە، دوو جــۆر شــانۆ هەیـە: یەکەمیـان شـانۆیەکە هـەوڵ دەدا وێنەیەکـی هاوشـێوەی ژیـان بێـت، فۆتـۆی ژیـان بـێ، شـانۆیەک فریومـان دەدا و دەیـەوێ بڵێیـن ئەمـە خـودی ژیانـە، دووەمیـان هـەوڵ دەدا شـانۆیەک بێ جەوهـەری ژیـان بەرجەسـتە بـکات، ئەمـەش لـە ڕێگـەی هێمـا و وێنـە و فۆرمـە میتافۆریکەکانـدا، نـەک لـە شـێوەی گواسـتنەوەی فۆتۆگرافیانـەی ژیـان خۆیـدا.

مییرهولد بـە جەختکردنـەوە لەسـەر تایبەتمەندێتیی چەمکەکانی مەرجدارێتی و شێوازگەرایی، ڕێبازێکی نوێی لە شانۆی مۆدێرن گرتەبەر، بە تێگەیشتنێکی قـووڵ و جیاهەڵکەوتـوو لـە پرۆسـەی شـانۆیی theatricality و ڕۆڵـی ئەکتـەر لەسـەر بنەمـای بەرجەسـتەکردنی جەوهـەر و کاکڵـەی واقیـع، بەهادارتریـن دەسـتکەوت و دیـاری پێشـکەش بـە شـانۆی مۆدێـرن کـرد.

بیرۆکەکانـی دەرهێنـەر بـەزۆری تایبەتمەندییەکـی جێگیـر و ئیسـتێتیکییان هەیـە، لە کاتێکدا هونەری ئەکتــەر بــەردەوام لــە گــۆڕان و گۆڕانکاریدایــە، ئەکتـەر لـە نمایشـەکەیدا بـەردەوام داهێنـان دەکات، چونکـە هونەرەکـەی لەسـەر بنەمـای دەسـتبەجێیی و ئیمپرۆڤیزەکردنــە بــە شــێوەیەکی ئۆتۆماتیکــی بـەردەوام.

## پلاستیکا و ڕەوانبێژیی جەستە

ئاماژە پێش زانیاری دەکەوێ
ئاماژە پێش بیرکردنەوە دەکەوێ
ئاماژە پێش ئاخاوتن دەکەوێ
ئاماژە پێش هەست دەکەوێ

پلاسـتیکای جەسـتە، واتـە ڕەفتـار و ئاماژەکانـی جەسـتە لـە دۆخـی جووڵـە و لـە کاتـی پشـوودان (لـە دۆخـی جووڵـە نەکردندا)، زمانی ڕاسـتەقینەی ئەکتــەرە و زیاتــر لــە وشــە گــوزارە لــە ســیفەتە کەسـییەکان دەکات، بۆیـە پلاسـتیکا ئامـرازی سـەرەکی دەربڕینـی شـانۆییە.

مییرهولـد لـە سـەرەتای ژیانـی هونەریـدا پـەی بـە ڕۆڵ و گرنگیـی پلاسـتیکایەکانی بـرد و بـە بنەمـای ڕێبـازی بیومیکانیکـی دانـا.

مییرهولـد لـە کتێبەکەیـدا (دەربـارەی هونـەری شـانۆ)دا ئـەم نموونەیـەی خـوارەوە سـەبارەت بـە ڕۆڵ و گرنگیـی پلاسـتیکا دەهێنێتـەوە:

دوو کـەس باسـی کەشوهەوا، یـان باسـی هونـەر، یـان خانووەکەیـان دەکـەن، کەسـی سـێیەمیش لـە نزیکیانـەوە وەسـتاوە، ئـەو لـە ناوەڕۆکـی گفتوگۆکـە تـێ نـاگات، بـەڵام دەتوانێـت هەسـت بـە جەوهـەری پێوەندییەکانیـان لەگـەڵ یەکتـردا بکات، هەرچەنـدە کەسـی سـێیەم هیـچ نابیسـتێت، یـان تـێ ناگات کـە باسـی چـی دەکـەن، بـەڵام لـە جۆری پێوەندییەکانیـان لەگـەڵ یەکتـر تـێ دەگات، چونکــە ناوەڕۆکــی گفتوگۆکــە لــەم حاڵەتــەدا هیـچ گرنگییەکـی نییـە، لـە ڕێگـەی پێگـەی جەسـتە و جووڵـە و ئاماژەکانیانـەوە لـە جـۆری پێوەندییەکانیـان تـێ دەگات، ئەمـەش لـە ڕێگـەی زمانـی جەسـتەیانەوە دێتـە ئەنجـام.

بۆ ڕوونکردنـەوەی چەمکی پلاستیکا و ئاشکراکردنی دیالۆگـی نـاوەوە، مییرهولـد میتـودی ئاوازدانـەری ئەڵمانـی (ڕیچـارد ڤاگنـەر) لـە ئۆپێـرادا بـە نموونـە

دەهێنێتـەوە، لـە ڕێگـەی ئۆرکێسـتراکەوە ئەگـەر ئۆرکێسترا نەبوایە، بەشی لیریکی زارەکی ئـەو هێزەی پێویست نەبوو بۆ دەربڕینـی ئـەو ئـازارە ناوەکییـەی کـە پاڵەوانەکانـی تووشـی دەبـن.

پاشـان مییرهولـد لـە شـانۆی میوزیکاڵـدا ئەکتـەر بـە گۆرانیبێـژ دەچوێنـێ، کـە بەبـێ ئامـرازی موزیـک ناتوانـێ هەسـت و ئازارەکانـی کارەکتەرەکـە بەرجەسـتە بـکا، لـەم دۆخـەدا موزیک ئامرازێکی یارمەتیدەرە بۆ دەربڕینـی ئـەو هەستەی کە ناکرێ تەنیا بە وشە دەرببڕدرێ.

«وەک چـۆن ڤاگنـەر بـۆ گەیاندنـی هەسـتە ڕۆحییـەکان ئۆرکێسـترا بەکاردەهێنێـت، منیـش جووڵـەی پلاسـتیکا وەک ئامرازێکـی جەوهـەری دەربڕین بەکاردەهێنم. تەنیا سالڤینی (ئەکتەری بەناوبانگی ئیتاڵیا) لە نمایشی ئۆتێلۆ، یان لە (هاملێـت)دا لەبەرچـاو بگـرن.»

مییرهولـد جەخـت لەسـەر بیرۆکـەی بەکارهێنانـی پلاستیکا لە نەریت و دابونەریتە شانۆییە کۆنەکاندا دەکاتـەوە و لـە لێکۆڵینەوەکانیـدا جەخـت لـەوە دەکاتـەوە کە بەکارهێنانی پلاستیکا شتێکی نوێ نییـە، لـەم ڕووەوە دەڵـێ، «بـەڵام ئـەو فۆرمـەی کە مەبەستمە فۆرمێکی نوێیـە، پێشـتر پلاسـتیکا تـا ڕادەیەکـی زۆر هاوشـێوەی قسـەکردن بـوو، لەگـەڵ ئاخاوتنـدا دەگونجـا، بـەڵام ئـەو پلاسـتیکایەی مـن باسـی دەکـەم لەگـەڵ وشـەکاندا ناگونجـێ.

هونـەری ئەکتـەر، بـەو شـێوەیەی کـە مییرهولـد پێناسـەی دەکا، هونـەری دروسـتکردنی فۆرمـە جیاوازەکانـی پلاسـتیکایە لـە فـەزای شـانۆدا، بۆیـە ئەکتـەر دەبـێ لـە میکانیزمـی جەسـتەی خـۆی بکۆڵێتـەوە. گەیشـتن بـە هـەر بـڕە وزە و زیندوویـی کـە پێویسـت بـێ لـە هەوڵـی ئەکتـەر بـۆ بەدەسـتهێنانی فۆرمـە پلاسـتیکایەکان بەبـێ زانیـاری تـەواو لەسـەر میکانیکـی جەسـتە و یاسا گشـتییەکانی بەدەسـت بهێنـرێ.

پلاسـتیکا وەک مییرهولـد دەڵـێ دوو جـۆرن: پلاسـتیکایەک کـە لەگـەڵ وشـەکاندا دەگونجـێ، پلاسـتیکایەکیش کـە لەگـەڵ وشـەکاندا ناگونجـێ. بـە بـڕوای مییرهولـد، خـۆی لـەو پلاسـتیکایەدا دەنوێنـێ کە لەگـەڵ قوتابخانـە و فۆرمەکانی شانۆی مەرجداریدایە، چونکە لە نمایشدا فەزای سیمبۆلێک و میتافۆریک دەڕەخسێنێ. پلاستیکایەک کە لەگەڵ وشـەکاندا ناگونجێت، زیاتـر فۆڕمـی شـانۆیی لەبـار بۆ گرۆتێسک دەخوڵقێنێ کە زمانی جوانیناسی و فەلسـەفی لەبـار بـۆ دیمەنـی شـانۆیی دەخوڵقێنـێ.

ئەرکـی ئەکتـەر دۆزینـەوەی ئـەو پلاسـتیکایە نییـە کـە لەگـەڵ وشـەکاندا دەگونجـێ، بـە پێچەوانـەوە ئەرکـی ئەکتـەر دۆزینـەوەی ئـەو پلاسـتیکایەیە کـە لەگـەڵ وشـەکاندا ناگونجێـت، ئـەو پلاستیکایەی کە لەگـەڵ وشـەکاندا ناگونجێت ئەوەیـە کـە کۆمەڵێـک واتـا و مانـا و هێمـا و سـیمبۆل دەبەخشـێ، نیشـانەکان و ئامـاژەکان بەپێـی چەمکـی مییرهولـد، جەوهـەری کرۆتیسـک لـە نمایشـدا ئاشـکرا دەکات.

پلاستیکا و جووڵە بەپێی ڕێبازی (بیومیکانیک)، دوو بنەمـای بنەڕەتـی و سـەرەکین لـە هونـەری ئەکتـەردا.